زانایانی ئایینی فەرمانبەری کێن؟

مەلا یاسین وەرتی

وەك دەزانین زۆربەی پێش نوێژو وتارخوێنەکانی کوردستان لەلایەن وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمەوە دامەزرێنراونو لەو وەزارەتە مووچە وەردەگرن، ئەو دامەزراندنو مووچە وەرگرتنە لەحکومەت وای کردوە وەزارەتی ئەوقاف خۆی بەخاوەنی مزگەوتو دامەزراوە ئایینیەکان بزانێتو ماموستایانی ئایینیش بە فەرمانبەری ئەو وەزارەتە، بەتایبەت لەکاتی دروست بوونی کێشەو گرفت لەنێوان ماموستایانی ئایینیو حکومەتدا بەرپرسانی وەزارەت ئەوە بەچاوی ماموستایان دا دەدەنەوە کە ئێوە فەرمانبەری ئەوقافنو مزگەوتو مینبەر مولکی ئەوقافن، ئەمەش مانای وایە نابێ ئێوە پێچەوانەی سیاسەتی وەزارەتی ئەوقاف بجوولێنەوەو قسە بکەن.

ئەو قسەیەی سەرەوە گەرچی بەشێك لەڕاستی تێدایە، بەڵام بەشێوەیەکی ڕەها ناگونجێ لەگەل پایەو ئەرك و پیشەی ماموستایانی ئایینی کە هەڵگرو گەیەنەری شەرعو پەیامی پیرۆزی خوای مەزننو دەبێ ڕێنموونیکارو ڕێ نیشاندەربن نەك پاشکۆو شوێنکەوتووی ئەوانی تر، لێرەدا من دەمەوێ دیوە ڕاستو دیوە ناڕاستەکەی ئەو بانگەشەیەی سەرەوە لێك جیا بکەمەوە.

دیوە ڕاستەکەی وتەی پێشوو بەرای من لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ماموستای ئایینی (پێش نوێژ یان وتارخوێن) لەڕووی ئیدارییەوە وەك هەر فەرمانبەرێکی تر سەر بە وەزارەتەو بۆ کاروباری ئیداری وەك دامەزراندن، گواستنەوە، ڕێکخستنی دەوام، ڕێنمایی ئیداری، مووچە، تا دەگاتە خانەنشین بوونو هەموو ئەو کاروبارانەی تر کە پەیوەستن بە حکومەتەوە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ئەوقافو، وەزارەتیش بۆی هەیە لەکاتی سەرپێچی ئیداری وەك کەمتەر خەمیو دەوام نەکردن، لە ماموستا بپرسێتەوەو بەشێوازی تایبەتی خۆی ڕەفتاری لەگەڵدا بکات.

دیوەکەی تری ئەو وتەیەی سەرەوە کە بەڕای من لەجێی خۆیدانیە ئەوە دەگەیەنێ کە ماموستای ئایینی مادام کارمەندی وەزارەتە دەبێ لەکارە بانگەوازیو تەبلیغیەکەشی دا بەپێی ئەو سیاسەتە بجوولێتەوە کە وەزارەتی ئەوقاف دیاری دەکات، لێرەدا زیاتر مەبەست وتاری هەینیە کە زۆر جار بووەتە هۆی ناکۆکی نێوان وەزارەتو ماموستایان.

نادروستی ئەو بۆچوونە لەوەدایە کە ماموستای ئایینی لەڕووی شارەزایی لە ئیسلامو قورئانو فەرموودەی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) لەپێشەوەی خەڵکی ترەو دەبێ پرسیار لەو بکرێ چ شتێك شەرعیەو کامە ناشەرعیە، حەلال چیەو حەرام چیە، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە مافی خۆیەتی ڕەخنە لەهەر دیاردەیەك بگرێ کە پێچەوانەی شەرع بێت، بۆ ئەو کارەش پێویست بە ڕەزامەندی کەس ناکات چونکە ئەوە تایبەتمەندی خۆیانە، ئەوەی گرنگە لەکاری وتاربێژو ماموستای ئایینی دا ئەوەیە ڕەچاوی سنوورەکانی خواو دڵسۆزی بۆ ئایینو بەرنامەی خواو میللەتەکەی بکاتو مینبەرەکەی بۆ مەرامو مەبەستی تایبەتی بەکار نەهێنێو خۆی لەناوهێنانو تەشهیر بپارێزێت. جگە لەوە ماموستای ئایینی نەك هەر لەسەری نییە بۆ ڕەخنەگرتنی لەدیاردەو ڕووداوێکی خراپو ناشەرعی پرس بکات بەڵکو بۆی هەیە لەڕوانگەی ئایینەوە ڕەخنە لەهەر کەسو لایەنو دیاردەیەك بگرێت کە کاری ناڕەوا یان کەمتەرخەمی لێ ببینرێ بەوەزارەتی ئەوقافیشەوە بەمەرجێك ڕەخنەگرتنەکە بەڵگەداربێو لەسەر ناشەرعیەکی ڕوونو ئاشکرا بێت کە پاساوی نەبێت، باوەڕ ناکەم بەرپرسانیش نکولی لەو ڕاستیە بکەن کە دەقەکانی قورئانو سوونەتو یاسا چەسپاوەکانی ئیسلام حاکمن بەسەر هەموومانەوە مادام خۆمان بە موسڵمان بزانین، ڕاگەیاندنی ئەو دینەو ڕاست کردنەوەی هەڵەکانیش بە پلەی یەکەم ئەرکی زانایانی ئایینیە بۆیە دەبێ بەسنگ فراوانییەوە لێیان وەربگیرێت.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە کە ئایا ماموستایانی ئایینی لەسەرەوەی لێپرسینەوەو ڕەخنە لێگرتنن؟ یان چ زەمانەتێك هەیە بۆ ئەوەی وتاربێژەکانمان لەوتارەکانیاندا پابەندی یاساو ڕێساکانی ئیسلام بنو لە شەرع لانەدەن؟ یاخود نەبنە جێبەجێکاری سیاسەتی ئەملاو ئەولا؟ ئەگەر وەزارەتی ئەوقاف بۆی نەبێ چاودێری وتاری هەینی بکات ئەی کێ بیکات؟

بەرای من وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر ئاسانە، ئەویش بە پێکهێنانی مەرجەعێکی ئیسلامی ڕاستەقینەو جێ متمانەی خەڵكو زانایانی ئایینیی دەبێ کە لەخودی زانایانی ئیسلامو شارەزایانی شەریعەت پێك بێتو میکانیزمێکی وای بۆ بدۆزرێتەوە کە نوخبەی زانایانی ئایینی تێیدا بەشدار بن، ئەو مەرجەعە بەهەر ناوێکەوە بێ ببێتە شوێنی یەکلا کردنەوەی بابەتە شەرعیەکانو لەهەمان کاتیشدا لێپرسینەوە لە هەر کەسێك بکات کە بەناوی ئیسلامەوە قسە دەکات جا ماموستای ئایینی بێت یان هەر کەسێکی تر.

من باوەڕم بەوە هەیە دەبێ توندترین چاودێریو لێپرسینەوە بەرامبەر بەوانە بکرێ کە بەناوی دینەوە قسە دەکەنو فەتوا دەدەن جا ماموستای ئایینی بن یان کەسانی تر، بەڵام بەو مەرجەی چاودێریەکە لەلایەن ئەو مەرجەعە ئایینیەوە بێت کە بە حەق جێ باوەڕی خەڵكو زانایان بێتو نەکەوێتە ژێر کاریگەری سیاسەتو بەرژەوەندی هیچ لایەك، هەر کاتێك ئەو مەرجەعە دروست بوو جێی خۆیەتی دەسەڵاتی ئەوەی پێ بدرێ نەك هەر چاودێری وتاری هەینی بکات بەڵکو بۆی هەبێ کۆنترۆلی هەموو جموجوولو فەتواو لێدوانێکی پەیوەست بە ئیسلامەوە بکاتو تەنانەت بتوانێ پێناسی ماموستای ئایینیو وتاربێژیش لەو کەسانە بستێنێتەوە کە شایەنی ئەو پلەیە نین.

هەر لێپرسینەوەو چاودێریەکی تر جگە لەوە لەلایەن هەر دامودەزگایەکی ئەمنیو ئیدارییەوە بکرێ بەناڕەواو بێهودەی دەزانم، چونکە لێپرسینەوە لە ماموستایانی ئایینی لەهەر لایەکەوە بکرێ جگە لە خۆیان بەدڵنیاییەوە ئەو کەسو لایەنە زیان بەخۆی دەگەیەنێو لای جەماوەر خۆی ناشیرین دەکات هەتا ئەگەر لەسەر هەقیش بێت چونکە خەلکی ئێمە موسڵمانە، هەرکەسێك بەرامبەر بەزانایانی ئایینی بوەستێتەوە حەقی بێ یا ناحەق خەڵکەکە ماموستا بەخاوەن حەق دەزانێ چونکە تاکە چینێك کە خەڵکی متمانەیان پێیان مابێ ماموستایانی ئایینین، ئەوەش شتێکی سەلمێنراوەو وابزانم بەڵگە هێنانەوەی ناوێ.

کەوابوو ناکرێ ماموستای ئایینی هەروا بەسادەیی ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێتو وەك فەرمانبەرێك سەیر بکرێتو بەس، بەڵکو دەبێ هەموو لایەك (هەم ماموستایانی ئایینی هەم وەزارەت) ئەوە بزانن کە ماموستا تەنها لەڕووی ئیدارییەوە فەرمانبەرە ئەگەرنا لەڕووی تەبلیغو ڕوون کردنەوەی دین پێشەنگو سەرقافلەیەو نابێ ئەو مەکانەتە ئایینیە بەکەم سەیر بکرێت، من پێم سەیرە ئێمە کە وڵاتێکی موسلمانین بە کاربەدەستو میللەتەوە کەچی هەموومان لەسەر ڕیتمی ڕۆژئاوا ڕاهاتووین دەڵێین ئەوە دەسەڵاتی یەکەمەو ئەوە دەسەڵاتی دووەمە تادەگاتە دەسەڵاتی چوارەم کە ڕاگەیاندنە، بەڵام کەس لەبیری نییە بڵێ ئەدی ئاینو زانایانی ئایینی دەسەڵاتی چەندەمن؟! ئەگەر باس لە کاریگەری بکەین ئەوا بێگومان زانایانی ئایینی کاریگەریان لە ڕاگەیاندنەکان زیاتر نەبێ کەمتر نییە، بگرە لە زۆر ڕووەوە ماموستایانی ئایینی بەهۆی ئەو پێگە بەهێزەی هەیانە لەناو جەماوەردا کاریگەیان لە سێ دەسەڵاتەکەی تریش زیاترە، کەچی لە ریزبەندی دەسەڵاتدا ناویان نییەو ناخوێنرێنەوە.

ئەگەر مەسەلەکەش بەهۆی مووچە وەرگرتنەوە بێ ئەوا هیچ دەزگاو دەسەڵاتێکی باڵای ئەو هەرێمە نابینین خۆبەخشانە کار بکاتو مووچەی پێ نەدرێ تا ئەوە بکرێتە منەت بەسەر زانایانی ئایینیەوە، کە وەك هاوڵاتیەکی ئەم هەرێمە مافی خۆیانە، باوەڕ ناکەم مووچەی هەموو ماموستایانی ئایینی ئەم هەرێمە (کە بەسەدانن) کۆبکرێتەوە بگاتە مووچەی (١١١) ئەندامەکەی پەرلەمان ئەوە جگە لەسەرۆکایەتی پەرلەمانو خانەنشیکراوەکانو ئەو هەموو منحەو ئیفادو خەرجیە جۆراوجۆرانەی تر کە بۆیان دەکرێ، زۆر ماموستای ئایینی هەیە چەند قاتی ئەندام پەرلەمانێك ماندووەو خزمەت دەکات بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت یان منەت بەسەر کەسدا بکات.

هەندێك لەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە جاری وایە لێدوانی وا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەدەن سەد ئەوەندەی قسەی ئەو ماموستا ئایینیە مەترسیدارە کە لەگۆشەی مزگەوتێکدا بۆ چەند سەد کەسێك قسە دەکات کەچی زۆر بەئاسایی تێ دەپەڕێتو کەس قسە ناکات، کەسیش پێی نالێت تۆ فەرمانبەری ئێمەی بۆت نییە ئاوا بلێی، ئەگەر ئەوان هێزی خۆیان لەهەڵبژاردنو دەنگی خەڵکەوە دەبینن ماموستای ئایینیش لەلایەن هەمان خەڵكو جەماوەرەوە پشتگیری لێ دەکرێت بەئاستێکی بەرزتریش لەو پشتگیریەی لەوان دەکرێت.

لەکۆتاییدا: ئامانجی من لەو نووسینە ئەوە نییە ماموستای ئایینی وەك تاکێك پێی شەرم بێ بە فەرمانبەری وەزارەتی ئەوقاف ناوببرێ، هەروەها پاکانەش بۆ ماموستایانی ئایینی ناکەم، چونکە ئەوانیش مرۆڤن دەگونجێ بە هەڵەدابچن، بەڵکو داکۆکی لەو پێگە بەرزو گرنگەی زانایانی ئیسلام دەکەم کە بەدرێژایی مێژوو هەیانبووەو ئێستاش هەیانە، کە پێشەنگیو ڕابەرایەتی کردنی ئوممەتی ئیسلامە، لەناو گەلی کوردیشدا هەمیشە ڕۆڵی پێشەنگیان گێڕاوە چ لەکاری خێرو ئیسلاحدا، چ لە بڵاوکردنەوەی زانستو زانیاریدا، چ لەو هەر شۆڕشو ڕاپەڕینانەی بەرپایان کردوون دژی زوڵمو ستەمی داگیرکەران، بۆیە من بەڕەوای نازانم هەروا بە سوكو سانایی ماموستایانی ئایینی وا پیشان بدرێن کە تەنها مووچەخۆرێکی حکومەتنو بەس، ماموستای ئایینی ئەگەر لە زۆر پلەو ئیمتیازاتی ماددی بێبەشەو دەنگ ناکات لانیکەم با پێگە ئایینیو کۆمەڵایەتییەکەی پارێزراوبێت.

yasinwarty@yahoo.com

(مەلا) لە تەفسیرەکەی (مەلای گەورە)دا

٥

مەلاو سیاسەت

هێمن عومەر خۆشناو- شەقڵاوە

لەکوردستانداو لە هەموو سەردەمەکاندا، مەلای کورد پێشەنگی کاروبارەکانی خەڵك بووە، ئەم پێشەنگ بوونەش تەنیاو تەنیا بەهۆی زانینو زانستەکە بووە، دەنا دەشێ ڕۆڵەی هەژارو نەدارێك بووبێ و بەهۆی پایەی مەلایەتی شانی لە شانی گەورە پیاوانی تر دابێ، ئەگەر سەردەمانێك هەموو چینو توێژو بەرەبابێك نەیتوانیبێ براگەورەو پێشەوایەتی خەڵك بکا، ئەوا مەلای کورد ئەو کۆتەی تێك شکاندووەو خەڵك مەلایان بە رابەرو پێشەواو مشوورخۆری خۆیان زانیوە، بۆیە مەلا لە هەموو کایەکانی ژیاندا رۆڵی تایبەتی خۆی هەبووە، هەموو ئەو رۆڵو دەورانەش لەپێناو چاکسازیی کۆمەڵگەو بەرژەوەندی خەڵکدا بووە. یەکێك لەو کایانەش کایەی سیاسەتە، کە ئەگەر بە پێناسە راستەقینەکە بۆ سیاسەت بچین ئەوسا سیاسەت دەبێتە هونەری بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵك.

لەو سۆنگەیەوە مادەم سیاسەت بەندیوار بێ بە کێشەکانی خەڵك، ئەوا پێشەوایەتیی مەلایش لەو بەڕێوەبردنو قسەلێکردنە بەرجەستەو بەشدار دەبێت، چونکە بەو پێیەی خەڵك لە هەر پێشهاتێك کە دێتە پێشی، پرسو ڕاو گەڕانەوەی بۆ ئایینەکەیە، مەلایش بزوێنەرو سەرچاوەو کانگای گەشەی ئایینەکەیە، بۆیە لە هەموو لایەکەوە مەلا دەوری خۆی دەبینێتەوە، بەواتایەکی دیکە ئەوە خودی مەلا نییە بە ئارەزووی خۆی بێتەوە نێو مەیدانەکە، بەڵکو ئەوە پێویستییە رۆحیو ویژدانی و بەڕێوەبردنەکانی خەڵکە، کە مەلا دەخەنەوە قسەو لێدوانو تێهەڵقورتانەکەی دەبێتەوە واجب.

ئەوانەی کە سیاسەتو لێدوانو قسە لەسەر ژانو ژواری خەڵكو کۆمەڵگە لە زانایانی ئاینیو مەلایان قەدەغە دەکەنو پێیان وایە ئیشی مەلا لە کونجی مزگەوتەوە نایەتە دەرەوە، ئەوا لە دوو سەرەوە سەرچیخ چوونەو تووشی هەڵە بوونە، لە سەرێکەوە ئاگاداری مێژووی کلتووری نەتەوەکەیان نینە کە مەلا پێشەوایەتی هەموو کایەکانی ژیانی کردووەو بەشێك لە ئەلفو سیپارەیەی ئیستا خەڵك دەیزانێ لەگیرفانی ئەوانەوە هاتۆتە دەر، لەلایەکی تر وەك چۆن توێژەکانی تری کۆمەڵگە لە ژێر ناوی (نووسەرو رۆشنبیر...) مافی قسەکردنو لێدوانو ئاخاوتنی سیاسییانەیان هەبێ، ئەگەرچی بەپێی میزاجو ئارەزووی خۆیانەوە دەدوێن، ئەوا بۆ مەلای کورد زۆر ئەولاترە، چونکە مەلای کورد بە میزاجی خودی خۆی نایەتە قسە، بەڵکو بە پاڵپشتی ئاینو سەرچاوەکانی کلتووری پێشینانەوە لە بەرژەوەندی کۆمەڵگە دەئاخڤێو هەژموونی خەمەکانی کۆمەڵگە دەیانخاتە قسە، بۆیە وەك چۆن بۆ توێژی تر رەوایە قسە لە هەموو بوارێك بکات، بۆ مەلایش رەوایە لەچوارچێوەی شەرعەوە قسە بکا جا سیاسەت بێ یان هەر کایەیەکی تر.

ئەو مەلاو زانایانەی کە پێیان وایە دەبێ لە چوارچێوەی حوجرەو مزگەوتەکانەوە هەر خەریکی زانست بن و لەگەڵ واقیعو کایەکانی ژیان تێکەڵ نەبن، ئەوا ئەوانیش کەوتوونەتە هەڵەوە چونکە ***(مەلای ئەمرۆ لازمە لە علومی نەقلیو عەصری، متبحر بێ، وە زاتێ متفکرو مدبرو بە سیاسەتو قووەی تەعبیری چاك بێ... لە محافلی سیاسەت مطابقی حالو مەقام نوتق بدا)*** تەفسیری کوردی بەرگی ١٠، لا ٥٥/ تا بە زانستو چارەسەری واقیعیو سەردەمیانە خەمی کۆمەڵگاو ئاین کەم بکەنەوەو لەو چوارچێوەیە خول نەخۆنەوە کە مەلاو زانایان بەبێ خوێندنەوەو شارەزاییو لێدوان لەکایەکانی ژیان، زانستەکە وشك دەکەنو خۆ لەئەرکی بەرپرسیارییەتی دەدزنەوە، هەروەك هونەری بەڕێوەبردنی خەڵكو سیاسەتو بەرجەستەبوونو هەڵگرتنی واقیعیش بەبێ زانستو زانیارییەکە، واقیع تووشی گرفت دەکەنو کۆمەڵگە بەئاراستەیەکی لارێ دەبردرێ. بۆیە خۆ بەتەنیا قەتیس کردن لە نێو زانستدا بەری بۆ کۆمەڵگە نابێت، بە تەنیا((**(صرفو نحو)و ئەمانە کەڵکی ئیدارەو مولكو سەڵتەنەت ناگرێ، عیلمی ئیدارەو سیاسەت بەدەست هەموو کەس ناکەوێ، هەموو مەلایانی عیراقو حیجاز نینۆکێکی (فیصل)یان تێ نابی.**)) بەرگی٤، لاپەرە٩٤.

سەردەمانێك ئەو بیرو بۆچوونە لەنێو کورد دابوو کە مەلا ئیشی ئیدارەو علومی عەصری نییە، بۆیەش ئەم خۆدزینەوەی مەلایانە لەکایەکانی ژیان، خەمی جەنابی **مەلای گەورەی** گەورەتر کردووەو هەمیشە بە هیوای ئەوە بووە شۆڕشێك لەنێو ناخی مەلایان بەرپا بکا کە مەلایش لەکونجی مزگەوت بێتە دەرەوەو بەرەو پێشەنگیو لێدوان لەکایەکانی ژیان هەنگاو بنێو رابەرایەتی چارەسەری خەمەکانی کۆمەڵگا بکات.

خۆزگە بۆ ئەوێ رۆژێ مەنهەجی **مەلای گەورە** دەهاتەوە نێو ناخی سەرلەبەری مەلای ئەمڕۆی کوردو دەنگی زوڵاڵی زانستو، واقیع خوێندنەوەی مەلایان لە مەحافلی سیاسی نێودەوڵەتیدا گوێی ئاسمانی کەڕ دەکرد.

Hem٩٩٢٠٠٣@yahoo.com

زانایان چۆن بن؟

م. ئەیوب عەلی*

زانایان هەڵگری پەیامی خوای پەروەردگارنو میراتگری پێغەمبەرانن (علیهم الصلاة والسلام) دەبێت شوێن ئاکارو ڕەوشتی پێغەمبەران بکەون، کاتێك دەڵێین زانایان بە مانای چی؟

وشەی زانا لە(زانین)ـەوە هاتووە کەواتە دەبێت ناوو ناوەڕۆك وەك یەك بن.

زانایانی ئایینی ئیسلامیش سەرەتا دەبێت شارەزاو ئاشنا بێت بە حەقیقەتی ئیسلام، وە ئەم ئاشنایەتییە خۆی دروست نابێت تاوەکو هەوڵو ماندووبوونی لەگەڵ نەبێت.

پێغەمبەران (علیهم الصلاه والسلام) سارێژی دەردی ئومەتیان دەکرد بەچی بەو زانستەی پێیاندرابوو.

پەروەردگار فەرموویەتی ﴿**وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ**﴾ النحل ٤٤.

واتا: ئەی محمد (S) ئێمە قورئانمان بۆ لای تۆ نارد بۆ ئەوەی ڕوونی بکەیتەوە بۆ خەڵکی ئەوەی بۆیان نێردراوەتە خوارەوە بەڵکو بیربکەنەوەو تێ بگەن، کەواتە ئەم ئایەتە قورئانیە دەری دەخات بانگەوازکردن بەقورئان ڕوون کراوەتەوە بۆ خەڵکی.

ئایا پێغەمبەری خوا (S) بەزارەکی بانگەوازی کردووە؟ بەڵکو ڕێڕەو هەڵس و کەوتەکانی هەمووی بانگەواز بوون پرسیار کراوە لەدایکی ئیمانداران دەربارەی ڕەوشتی پێغەمبەر لەوەڵامدا فەرموویەتی: (**كَانَ خُلُقُهُ الْقُرآن**) ڕەوشتو ئاکاری پێغەمبەر وەکو قورئان بووە پێویست دەکات ئاشنایەتیمان هەبێت بە ڕەفتارو ئاکاری بەرزی پێغەمبەر (S) کە ڕێبازی (سنة)ی پێ دەوترێت وە بەگشتی سێ جۆرن:

١) فەرمایشتەکانی
٢) کردەوکانی
٣) دان پێداهێنانەکانی بۆ ئاگاداربوون لەقورئانو سونەت

پێویستە بەدواداچوون بکەین شارەزاییو ئاشنایەتی تەواومان لەگەڵ قورئانو سونەتی پێغەمبەر (S) هەبێت ئەوسا دەتوانین چارەسەری کێشەی میللەتەکەمان بکەین خەمی تەواویان لێ بخۆین ئەگەر بەپێچەوانەوە بێت هیچمان پێ ناکرێت، إنشاء الله زانایانی کوردستان زیاتر بەرچاو ڕۆشن دەبن زیاتر ڕێگا ڕۆشن دەکەنەوە.

هەروەها لەباسی پلەو پایەی زانایاندا، زانایان پلەیەکی یەکجار بەرزیان هەیە چەندەها ئایەن فەرموودە ئاماژەی پێ دەکات.

ئەمیش مانای ئەوەیە زانایان دڵخۆشبن کە خواو پێغەمبەری خوا لەناو هەموو چینو توێژەکانی تر زیاتر باسیان دەکات خوای پەروەردگار فەرموویەتی: (**يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ**) المجادلة ١١.

واتا: (ئەوانەتان کە ئیمانیان هێناوە بەرزیان دەکاتەوە وە ئەوانەی کە زانیاریان پێ دراوە بەچەندان پلە بەرزیان دەکاتەوە).

ئەم ئایەتە قورئانیە ئاماژەی بەوە کردووە کە مرۆڤ بەهۆی زانستەوە پلەی بەرزدەبێتەوە لای خودا پاشان لای خەڵکی.

زانایاری ڕێزە بۆ دونیاو قیامەت..

زانایان چاوساغن هەم لە دنیا بۆ خەڵکی وە هەم تکا کارن لەڕۆژی دوایی چونکە پێغەمبەر (S) فەرموویەتی سێ کەس تکا کارە لەڕۆژی دوایی پێغەمبەران زانایان شەهیدان.

ئەو زانستو زانیاریانە دەبێتە هۆکارێك کە سەربەرزی تێدایە لەدوارۆژدا.

لەفەرموودەیەکدا پێغەمبەر (S) فەرموویەتی: (مَنْ سَلَكَ طَرِيقاً يلتمس فيهِ عِلْماً سَهَلَ اللّهُ طريقاً إلى الجنة).

واتا: (هەر کەسێك ڕێگایەك بگرێتە بەر بۆ بەدەست هێنانی زانستو زانیاری ئەوە خوا ڕێگای چوونە بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات .

ئەوەی هەڵدەگوزین لە قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەر (S) ئەوەیە:

١- زاناو شارەزابوون لەئایینی ئیسلام هۆکارێك بۆ نیشتەجێ بوون لە بەهەشت.

٢- هەموو دروستکراوەکانی خوا داوای لێ بوردن دەکەن بۆ زانایان.

٣- بەوێنەی ڕووناکی مانگ بەسەر ئەستێرەکان ئاوایش فەزڵو ڕێزیان هەیە بەسەر خواناسان.

٤- هیچ کەس بەجێ نشینو میراتگری تەواوی پێغەمبەران حساب ناکرێن جگە لە زانایان نەبێت.

٥- وە هیچ کەسیش وەکو پێغەمبەران خەم خۆر نەبوونە بۆ مرۆڤەکان، هەروەها زانایانیش بەهەمان شێوە خەم خۆرن بۆ مرۆڤ وە دیانەوێ خەڵکی لەدنیا بەختەوەر بێت لەدوارۆژدا ڕوو سپی بێت.

* بەرپرسی ڕاگەیاندنی لقی چەمچەماڵ.

ڕۆڵی زانایانی ئایینی لە ڕابردوو ئێستای کوردستان

د. جمیل علی سورچی*

لەبەر ئەوەی چەند کەسانێکی نەزان بەڕۆڵو گرنگی مزگەوتو زانایانی ئایینی، یاخود داخ لەدڵ بەرامبەریان داوای تەسك کردنی ڕۆڵی مزگەوتو پەراوێز خستنی زانایان دەکەن دەمەوێ لەم چەند دێرەدا ڕۆڵو گرنگی زانایان لە کوردستان بخەمەڕوو، لە بۆ ئەوەی کە زیاتر ئاشنا بین بە خزمەتو ئاساری جوانی ئەو کەسانە لەمێژووی میللەتەکەمان، وە تێبگەین لەمەبەستی ئەو کەسانەی کە لەدژیان دەوەستن.

بەڕێزان: بەو پێیەی کە زانایانی ئایینی میراتگری پێغەمبەرن: (S)و درێژە پێدەری خەبات وتێکۆشانی ئەون بۆ بلاڵو کردنەوەی ئادابو ئەحکام ورەوشتەکانی ئیسلام بەنێو کۆمەڵگاکانو ڕێگا ڕۆشنکردنەوە بۆیانو چاوساغی کردنیان بۆ گەیاندنیان بە بەختەوەری دونیاو دوارۆژ، لەمەوە زانایانی ئایینی لە کوردستان هەر لەسەرەتای هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ وڵاتەکەیان هەڵساون بەم ئەرکە پیرۆزە، وە لەبەرامبەریشدا هەرگیز چاوەڕوانی پاداشتیان لە کەس نەکردووە، چونکە ئەمەیان بەئەرکی سەر شانی خۆیان زانیووە، وە ئەوان لەرابردوودا تاکە بنکەو مەرجەعی فێربوونی زانستو ڕۆشنبیری بوون لە هەموو بوارەکانی ژیان، لەبەر ئەوە دەبینین کە میللەتی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان ناوبانگی دەرکردووە لە هەبوونی زۆری قوتابخانە ئایینیەکان لەشارو دێهاتەکانی، وە ئەو قوتابخانانە فاکتەرو پردی بە یەك گەیاندنی ناوچەو پارچەکانی کوردستان بوون.

وە ئەگەر ئاوڕێك لەمێژووی ڕابردوومان بدەینەوە ناوی چەندەها زاناو داناو شاعیرو ڕۆشنبیرو نووسەرو شۆڕشگێڕمان بە بەرچاو دەکەوێت کە جێگای دەستیان دیارە، ئەوان لەکاتی خۆیاندا مەشخەڵی هۆشیار کردنەوەو ئازادی بوون لە ئێستاشدا وەك سومبول سەیر دەکرێن، وە هەموویان دەرچووی حوجرەی فەقێیانن، وەکو: ئیبنولحاجیبو ئیبنو سەلاحی شەهرەزووریو ئیبنو ئەسیرەکانو، ئەحمەدی خانیو مەلای جزیریو، مەحویو مەولەویو بێخودو ناڵیو قانعو پیرەمێردو مەولانا خالدی شەهرەزووریو، مەلا یەحیای مزووریو سەعیدی نوورسیو، ئیبنو ئادەمو مەلای گەورەو مەلا عەبدوڵڵای خرپانیو شێخ موحەمەدی خاڵو، مەلا فەندیو شێخ مستەفای نەقشبەندیو مەلا سالحی کۆزەپانکیو مەلا عەبدوڵڵای کونەفلوسیو شێخی موددریس مەلا عەبدولکەریمو زۆرانی تر لە هەموو پارچەکانی کوردستان.

وە شۆڕشگێڕەکان لەدژی دوژمنانی میللەتی کورد وەکو: شێخ سەعیدی پیرانو قازی موحەمەدو شێخ مەحمودی حەفیدو مەلا مستەفای بارزانی، کە هەموویان پەروەردەی مزگەوتەکان بوونو لەوێوە فێری خۆشەویستی نیشتیمان بوونو پەروەردەی ژێر دەستی زانایانی ئایینی بوون، کە ئەمە هەمووی ڕابردووی پاکو گەشی زانایانو پەیامی پیرۆزی مزگەوتو حوجرەکان نیشان دەدات.

ئەمەیە ڕابردووی زانایانو مزگەوتو قوتابخانە ئایینیەکان لە کوردستان کە دینو ئەخلاقو زانستو ڕۆشنبیریو خزمەتی میللەتو خاکیان تێکەڵاو کردبوو بەیەکتر، ئەوان پێشەنگ بوون بۆ چاکەو پێشکەوتن.

سوپاس بۆ خوا تارادەیەکی زۆر ئەمڕۆش زانایەکانمان دانبڕاون لەدونیای پێشکەوتن، بەڵام چاوەڕوانی زیاتریشیان لێ دەکرێت، چونکە ئەوان پێشەنگن، بەو پێیە ئەبێ زیاتر تێکەڵبنو واقیع بینانە بیر بکەنەوەو هەڵسوکەوت بکەنو، گوتاری ئایینی خۆیان بەشێوەیەکی جوانترو فراوانترو زانستیانەتر پێشکەش بکەن.

بەڵام ئەوەی کە سەیرەو جێگای داخە ئەوەیە کە کەسانێك پەیدابوون بەناوی نووسەرو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووس ئیشوکاریان بێڕێزی کردنە بەرامبەر بەزانایانو مزگەوت، بەڵکو بەرامبەر بەخواو پێغەمبەرو ئیسلام لەنێو میللەتێك کە زیاتر لە ٩٥٪ موسڵمانە، ئەمەش بەناوی ئازادی ڕادەربڕین، کە ئەمە لە هیچ یاسایێك ڕێگەی پێنادرێت کە بەناوی ئازادی شعورو هەستی خەڵکێتر بریندار بکەیت، کە من دڵنیام ئەوانە نە نووسەرنو نە ڕۆژنامەنووسنو نە ڕۆشنبیرن، چونکە ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە دەبێت وەکو مۆم بتوێتەوە بۆ ڕووناك کردنەوەی ڕێگا بۆ میللەتەکەی، وەلێ ئەوان دەیانەوێ ڕێگای ڕۆشنی میللەتەکەیان تاریك بکەنو بەرەو هەڵدێر بیان بەن.

ئەگەر بەوردی تەماشا بکەین ئەمە بەشێکە لەدروست کردنی ئاژاوەو خستنی درز لەنێو ڕیزەکانی کۆمەڵگا، چونکە ناکرێت بێ ڕێزی بەرامبەر ئیسلام بکرێتو زانایان لێی بێ دەنگ بن، چونکە دیفاع کردن لەدین ئەرکی سەر شانی زانایانو گشت موسڵمانانە.

لەبەر ئەوە تاکە ڕێگا بۆ نەهێشتنی ئەم ئاڵۆزیە لەدەستی حکومەتە، ئەویش بەڕێگەگرتن لەو بێڕێزیانەی کە دەکرێن لەڕێگەی نووسینەوە، چونکە ئەوەی ئێمە دەیبینین لەلایەن زانایانەوە بریتیە لەدیفاع کردنو ڕردە فیعل بەرامبەر بە هێرشی نووسەرەکان، وەئیمامی عوسمان دەفەرموێت: (ما يزع الله بالسّلطان لا يزعه بالقرآن). واتە: ئەوەی خوا بەدەسەڵات قەدەغەی دەکات ولای دەبات بە ئامۆژگاری قورئانو دین لای نابات.

بەڵام ئەوەی کە پێویستە بگوترێت ئەوەیە کە دەبێ زانایان درێژە پێدەری خەباتو کاری زانایانی پێش خۆیان بنو وەك ئەوان ڕۆشنبیر بنو، حیکمەتو لێزانینو تێگەیشتنو ئەخلاقی ئیسلامی بەکار بێنن بۆ چارەسەری کێشەکانو نەهێشتنی خراپەکان، هەروەکو خوا دەفەرموێت: ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ النحل١٢٥، واتە: بانگخوازی بکە بۆ لای خوا بە لێزانین وشێوازی جوان، وە بەرامبەر بە نەیارانیش جوانترین ڕێگە وشێواز بە کار بێنە، کە ئەمە ناگونجێت لەگەڵ تەکفیر کردنو تەشهیر کردن بەخەڵکان، وە دە فەرموێت: ﴿وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ﴾ فصّلت: ٣٤، واتە: چاکە وخراپە وەك یەك نین لە جەزاو لەشێوازیش، لەبەر ئەوە تۆ چاکترینو جوانترین ڕێگە بەکار بێنە بۆ لابردنی خراپەو بەرپەرچدانەوەی، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی هێنانی دوژمنو نەیار بۆ سەر ڕێگای ڕاستو بوونی بە دۆست، وە گوتراوە: (إذا أمرت بمعروف فأمر بمعروف): واتە: ئەگەر فرمانت بە چاکە کرد بەشێوەیەکی جوان ئەم فرمانە بکە.

بەڵێ ناکرێت مامۆستایان دەست بەرداری فەرمان بە چاکە کردنو نەهی لەخراپە کردن بن، چونکە ئەمە لەکارە سەرەکیەکانیانە، چونکە ئەبێ کۆمەڵێك هەبن بۆ ئەم کارەو شارەزابن لە دین، وەك خوا دەفەرموێت: ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُولَـئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ سورة آل عمران: ١٠٤.

وە پێویستە زانایان ئێستا هەست بەگرنگیو کاریگەری کارو شوێنی خۆیان بکەنو بەئەمانەتەوە موسڵمانان ئاڕاستەی ئیسلامی ڕاستو دروست بکەن، کە ڕۆژانی هەینی نزیکەی دوو ملیۆن لەکوردستانی خۆمان بەئارەزووی خۆیان وەکو ئەرکێکی ئایینی ئامادەی مزگەوتەکان دەبن بۆ گوێگرتن لەوتارەکانیان، وە ئەبێ حکومەتو دەسەڵاتیش چاك لەمە تێبگەنو ڕێگە نەدەن کەسانێك بەناوی ئازادی بێ ڕێزی بەرامبەر دین بکەنو مامۆستایان بەدەنگ بێنن ودەست بخەنە نێو ئیشو کارەکانیان.

وە لەلایەکیتریش ئەوەی کە دەکرێت نزیکە ببێت بەنەریت لەکوردستانی خۆمان لەبێڕێزی کردن بەرامبەر بە ئایین لەڕێگای نووسینەوە دەبێتە هۆی دروست بوونی نەزرەی خراب لەسەر میللەتەکەمان لەلایەن خەڵکانی تری موسڵمانەوە کاتێك لەدوورەوە گوێبیستی ئەم نووسینانە دەبن کە ئەمەش زیان بەئەمنی قەومیمان دەگەینێت، کە هەمووومان بانگەشەی بۆ دەکەین.

وە ئەبێ مامۆستایان موخلیسو دڵسۆزو پڕ عیلم بنو ڕووناك بیرو دانا بنو، مەبەستیان تەنها ڕەزامەندی خوابێتو هەوڵیان بۆ چاکردنو بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا بێت.

وە لەکۆتاییدا دەپاڕێمەوە لە خوای گەورە کە هەموو لایەکمان سەرکەوتوو بکاتو بەرەو ئیسلامو ئەخلاقی پێغەمبەرمان(S) ئاراستە بکات، وە یارمەتی ئەو کەسانە بدات کە دیفاع لەم دینە دەکەن، وە هیدایەتی خراپەکان بداتو، ئەوانی کە ناگەڕێنەوە بەرەو ئیسلامو دوژمنایەتی دەکەن ریسوای دونیاو دوارۆژیان بکات.

وە چاوەڕوانم لەپەرلەمانو حکومەتی هەرێم کە بەیاسایەکی ئەکتیف ڕێگە بگرن لەم جۆرە نووسینانەو، وە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش جێگای ئەم جۆرە کەسانە لەلای خۆیان نەکەنەوەو قەبووڵیان نەکەن بۆ ئەوەی سومعەو ڕێزی خۆیان لەدەست نەدەن.

* مامۆستا لەکۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان/ زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

نهێنی ژمارە (١٣) لە قورئاندا

مەلا ئاراس ڕواندوزی

جیهانی ئیسلامی بەو زیندوویتیو تایبەتمەندیە جیاکەرەوەیەی لەفەرهەنگو مێژووەکەیدا بەرجەستە دەبێت، بەبەراورد لەگەڵ جیهانەکانی دیکەی پێکهاتەی ئەو گەردوونەدا زادەو دەرکەوتەی ئەو کۆششە نەپساوەیەیە، کە پێغەمبەرمان(S) بەدرێژایی تەمەنی پێشڕەوی مەشخەڵەکەی بووەو بلێسەی زانستو مەعریفەو فەلسەفەکەی بەتەواوی کایەکانی ژیانو ئایین گەیاندووەو وەك پێویستییەکی بنچینەییش ڕۆڵو ڕوئیای شوێنکەوتووانیشی لەوەدا دیاریکردووە.

کە دەوڵەمەندبن بە داناییو وشیاریو کراوەییو دونیابینییەکی بەرفراوانەوە، کە وەك ئامرازێکی ڕۆناککەرەوە بەرەو بەفیکری واقیعبینی بداتو، بوارو دەرفەت بە تەوژمو شەپۆلی خورافیاتو ئەفسانەخوازی نەدات پەلوپۆ بهاوێژێتو بچێتە چوارچێوەی تێگەیشتنو ڕوانینیانەوەو وەك دیاردەیەکی نەخوازراوو نەشیاو ڕووکاری کۆمەڵگە تەڵخ بکات.

بۆیە لە ڕوانگەی ئەو ڕاستییەوە پەیوەستبوونی ناسروشتییانەی مرۆڤ بەبابەت یان دیاردەیەك، کە هیچ بنچینەیەکی زانستیو لۆژیکیانەی نەبێتو، پشت ئەستوور نەبێت بە ژێدەرێکی باوەڕپێکراوو بەڵگەدارەوە ئەوا هیچ بیانووگرتنو مشتومڕێك هەڵناگرێت، کە ئەو مرۆڤە بەدەست ناحاڵیبوونو نارۆشنی هزرو بۆچوونییەوە دەناڵێنێت.

نەخاسمە ئەگەر ئەو حاڵەتە نموونەیەك بێت لەدەیان ئەو دیاردانەی لەخۆرئاوای مەسیحییەوە سەریهەڵدابێتو ئەوان خاوەنی ڕاستەقینەی داتاشینو دارشتنی بن یەکێك لەم حاڵەتو دیاردانە، کە دزەی کردۆتە نێو بونیادو ڕوانینی مرۆڤەکان لەجیهانی ئیسلامیداو درزی خستۆتە تێگەیشتنو تێڕوانینەکانی ڕەشبینیو تارمایی بوونی لێکدانەوەو خوێندنەوەیەتی بۆ ژمارە (١٣) بە تەرزێك، کە ئەم حاڵەتە شڵەژانو شپرزەیی دەروونی لەناخیدا ڕواندووەو، لەدڵەوە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی دەترسێتو حەز ناکات بەهیچ جۆرێك ئەو ژمارەیە لەتایبەتمەندیو کەسایەتیو کاروبارەکانی ژیانیدا ڕەنگبداتەوە.

جابۆ ڕەواندنەوەی تارماییو ڕەشبینی ئەم حاڵەتەو سەلماندنی پێچەوانەکەی بفەرموون بۆ بەرچاوڕوونیتان بە شیکارێکی ژمارەیی لەقورئانی پیرۆزەوە ڕووماڵی ڕوویێکی گرنگی هەقیقەتو نهێنی ژمارە (١٣) بکەین بەو ئومێدەی ببێتە مایەی سوودی گشت لایەك:

کۆی ئایەتەکانی سەرەتاو کۆتایی سورەتەکانی قورئان

یەکەمین سورەت لە ڕیزبەندی قورئاندا سورەتی (الفاتحة)یە، کە ژمارەی ئایەتەکانی بریتییە لە (٧) ئایەت دوا سورەتیش لەڕیزبەندی قورئان سورەتی (الناس)ە، کە ژمارەی ئایەتەکانی بریتییە لە (٦) ئایەت، بەپێی ئەم هاوکێشە حیسابیە (٧ + ٦ = ١٣) ژمارە (١٣)ەمان دەست دەکەوێت.

یەکەمینو دوایین دابەزینی قورئان

یەکەمین دابەزینی قورئان بریتییە لە ئەو چەند ئایەتە لە سورەتی (العلق) **(إقرأ باسم ربك الذي خلق * خلق الإنسان من علق * إقرأ وربك الأكرم* الذي علم بالقلم* علم الإنسان ما لم يعلم)**، کۆی ژمارەی پیتەکانی ئەو چەند ئایەتە بەپێی ڕەسمی عوسمانی (مەبەست لەڕەسمی عوسمانی لەقورئاندا ئەو زمانەیە، کە لەسەردەمی حەزرەتی عوسمانی کوڕی عەففان (ڕەزای خوای لەسەربێت) لەنووسینەوەی قورئاندا بەکارهێنراوە، کە زمانی قورەیشیە) (٧٦) پیتن.

دوا دابەزینی قورئانیش بریتییە لە ئایەتی **(واتقوا يوما ترجعون فيه إلى الله ثم توفى كل نفس ما كسبت وهم لا يظلمون)** (البقرة ٢٨١)، کۆی ژمارەی پیتەکانی ئەو ئایەتە بەپێی ڕەسمی عوسمانی (٥٤) پیتن، بەم لێکدانەوە حیسابیە (٧٦+٥٤=١٣٠) ژمارە (١٣٠) مان بۆ دەستەبەر دەبێت، کە دیارە بەپێی حیسابی ماتماتیك ژمارە (١٣٠) لەموزاعەفاتی ژمارە (١٣)یە واتە بەپێی ئەم هاوکێشەیە (١٣×١٠=١٣٠).

یەکەمینو دوایین سورەتەکانی دەسپێك (فواتح السور) لەڕووی ڕیزبەندییەوە (٢٩) سورەتن، یەکەمینیان سورەتی (البقرة)یە، کە ژمارەی ئایەتەکانی (٢٨٦) ئایەتە، کە ئەم ژمارەیەش لەئەنجامی هاوکێشەی حیسابییەوە (٢٢×١٣=٢٨٦) دەستەبەر دەبێت، دوایینیش سورەتی (القلم)ە، کە ژمارەی ئایەتەکانی (٥٢) ئایەتە ئەم ژمارەیەش لەهاوکێشەی حیسابی (٤×١٣=٥٢) دێتە ئاراوە.

یەکەمینو دوایین ئایەت کە لە (١٩) وشە پێکهاتووە

یەکەمین ئایەت لەقورئان، کە لە (١٩) ووشە پێکهاتبێت لە سورەتی (البقرة) یە (وإذا قيل لهم ءامنوا كما ءامن الناس قالوا أنؤمن كما ءامن السفهاء ألا إنهم هم السفهاء ولكن لا يعلمون) ئەم ئایەتە ژمارە (١٣)یە لە ڕیزبەندیی ژمارەیی ئایەتەکانی سورەتی(البقرە)،دوایین ئایەت لەقورئان، کە لە (١٩) وشە پێکهاتبێت لەسورەتی (الممتحنة)یە (يأيها الذين ءامنوا لا تتولوا قوما غضب الله عليهم قد يئسوا من الآخرة كما يئس الكفار من أصحاب القبور) ئەم ئایەتە ژمارە (١٣)ە یە لەڕیزبەندیی ژمارەیی ئایەتەکانی سورەتی (الممتحنة).

یەکەمینو دوایین ئایەت لە ڕیزبەندیی قورئان

یەکەمینیان (بسم الله الرحمن الرحيم)ە، کە ژمارەی پیتەکانی (١٩) پیتن، وە دواییینیان (من الجنة والناس)ە، کە ژمارەی پیتەکانی (١٣) پیتن، کۆی ئایەتەکانی بیستو نۆ سورەتەکەی قورئان (فواتح السور)، کە لەرێنووسی عەرەبیدا بە پیتی (هیجائی) دەست پێدەکەن ژمارەیان (٢٧٤٣) ئایەتە، کە ئەم ژمارەیەش لە حیسابی ماتماتیك لە موزاعەفاتی ژمارە (١٣)ەیە، واتە بە پێی ئەم هاوکێشەو لێکدانەوە حیسابییە (٢١١×١٣=٢٧٤٣).

کۆی پیتەکانی سورەتە دەسپێکەکان، کە (٢٩) سورەتنو بە پیتی (هیجائی) دەست پێدەکەن بریتییە لە (٧٨) پیت، کە ئەم ژمارەیە لە ئەنجامی ئەو لێکدانەوە حیسابییە دەردەچێت (٦×١٣=٧٨)، ئەو سورەتانەی قورئان، کە بە تەنها بە (٣) پیتی (هیجائی) دەست پێدەکەن (١٣) سورەتن، کە ئەمانەن : البقرة، آل عمران، يونس، هود، يوسف، إبراهيم، الحجر، الشعراء، القصص، العنكبوت، الروم، لقمان، السجدة.

لەو بیستو نۆ سورەتەی قورئان، کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن (١٢) سورەت هەن، کە کۆی ئایەتەکانی هەر سورەتێك بریتییە لەژمارەیەکی جووتو، کۆی ئایەتەکانی ئەو سورەتانەش بریتییە لە (١٢٤٨) ئایەت ئەم ژمارەیەش لەو هاوکێشە حیسابییە دەردەچێت (٩٦×١٣=١٢٤٨) سورەتەکانیش ئەمانەن : البقرة، آل عمران، الأعراف، الروم، لقمان، السجدة، ص، فصلت، القلم، إبراهيم، مريم، القصص.

ئەو سورەتانەش، کە کۆی ئایەتەکانی هەر سورەتێك بریتییە لەژمارەیەکی تاك ئەو (١٧) سورەتەیە، کە لەکۆی (٢٩) سورەتەکە ماونەتەوە کۆی ئایەتەکانیان (١٤٩٥) ئایەتە ئەم ژمارەیەش لەئەنجامی ئەو هاوکێشە حیسابییە دەستەبەر دەبێت (١١٥×١٣=١٤٩٥).

ئەو ژمارانەی گوزارشت لەڕیزبەندی سورەتەکانی دەسپێك دەکەن

یەکێك بە وردبوونەوەیەکی قووڵ سەرنج لەڕیزبەندی سورەتەکانی دەسپێك (فواتح السور) بدات ئەوا یەك لە سەرسوڕهێنەرەکانی قورئانو نهێنی ڕیزبەندییەکەی دەدۆزێتەوە، چونکە لەو (٢٩) سورەتەی، کە بەسورەتەکانی دەسپێك ناوزەد دەکرێن (٢٨) سورەت ڕیزبەند کراون لەنێوانی سورەتەکانی نیوەی یەکەمی قورئان.

هاوکات یەك سورەتیش بە تەنها ڕیزبەند کراوە لەنێوانی سورەتەکانی نیوەی دووەمی قورئان ئەگەر بهاتایە ڕیزبەندکردنی سورەتەکان بەکاری ئیجتیهادی (کۆششکاری) بوایەو ئەو سورەتەش لکێندرابوایە بە سورەتەکانی ترەوە ئەو کاتە هیچ پێویستییەك نەبوو بۆ ئەو حاڵەتی جیاکردنەوەیە، کە ئاماژەمان بۆ کرد لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت، کە ئایا کامانەن ئەو شوێنانەی (٢٨) سورەتەکەی تیادا ڕیزبەند کراون؟ وەڵامەکەی ئەوەیە: کۆی ئەو ژمارانەی گوزارشت لەو شوێنانە دەکەن، کە ئەو (٢٨) سورەتەی تیادا ڕیزبەند کراون (٧٥٤)ە، کە لێرەدا جارێکی تر ژمارە (١٣) سەردەردێنێ چونکە ژمارە (٧٥٤) لەموزاعەفاتی ژمارە (١٣)یە ئەویش بە ڕەچاوکردنی ئەو هاوکێشە حیسابییە (٥٨×١٣=٧٥٤).

ڕێککەوتنێکی سەرسوڕهێنەر!

ئەوەی شایەنی سەرنجدانە لێرەدا ئەوەیە: کە ئەو (٢٩) سورەتەی لەقەبارەی ئایەتەکاندا بچووکن ژمارەی ئایەتەکان لەهەر یەکێکیاندا کەمترە لە (١٧) ئایەت، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

أ- ئەو سورەتانەی ئایەتەکانیان بە ژمارەیەکی جووت تەواو دەبێت (١٢) سورەتن، کە ئەمانەن: (الصف، الطلاق، التحريم، التين، الشرح، البينة، الزلزلة، التكاثر، قريش، الكافرون، الاخلاص، الناس).

ب- ئەو سورەتانەی ئایەتەکانیان بەژمارەیەکی تاك تەواو دەبێت (١٧) سورەتن، کە ئەمانەن : (الفاتحة، الممتحنة، الجمعة، المنافقون، الشمس، الضحى، القدر، العاديات، القارعة، العصر، الهمزة، الفيل، الماعون، الكوثر، النصر، المسد، الفلق).

ج- هەروەها (٢٩) سورەتەکەی قورئان، کە ژمارەی ئایەتەکانی هەر یەکێکیان لە (١٧) ئایەت کەمترە تەنها یەك سورەتیان لەنیوەی یەکەمی قورئاندایە، کە ئەویش سورەتی (الفاتحة)یە، وە (٢٨) سورەتەکەی دیکە دەکەونە نیوەی دووەمی قورئان، کە ئەمەش ڕێککەوتنێکی سەرسوڕهێنەرە لەگەڵ ئەو (٢٩) سورەتەکەی دیکەی قورئان، کە بە سورەتەکانی دەسپێك ناسراونو لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن!!!

نهێنی ژمارە (١٣) چیە؟

لە بنچینەدا نهێنی ژمارە (١٣) پەیوەندی بە ژمارەی سورەتەکانی قورئانەوە هەیە، کە (١١٤) سورەتن ئەم ژمارەیش (١١٤) لە ئەنجامی ئەم هاوکێشە حیسابیە دەستەبەر دەبێت (١٩×٦=١١٤)، ئەمەش لەو کاتەدا، کە هاوکێشەیەکی دیکەی جیاواز دروست بکەین لەنێوانی ژمارە (١٩)و ژمارە (٦)، کە ئەوکات ژمارە (١٣) ەمان دەست دەکەوێت بەم جۆرە (١٩-٦=١٣)، لێرەدا وە لەو نموونانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانی ژمارە (١٩)و ژمارە (١٣) بەدیدەکەین.

ئەوەی لەناوەڕۆکی ئەو بابەتە باسمان کرد مەبەست لێی گەڕانەوەیە بۆ قورئانی پیرۆزو نهێنییەکانی بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی قورئانو وشە گەوهەرییەکانی مامەڵە لەگەڵ ئەو پێشهاتانە بکەین، کە گیرۆدەییو گرفتاری دەروونی دەنێنەوەو، هەمدیس ببێتە بەرچاوڕوونی بۆ ئەو کەسانەی بەکردیی ئەو حاڵەتە تەنگی پێهەڵچنیوون.

لەنووسینی ئەو بابەتە سوودم لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە:
موسوعة الاعجاز العددي في القرآن.

سەرۆکی یەکێتی زانایان:
ئەمن و ئاسایشی کوردستان نیعمەتە دەبێ بیپارێزین

مەلا تەیب زیارەتی (زانایان): ڕۆژی ٢٠١٠/٢/٢١ سەرۆکی یەکێتی زانایان لە ئاهەنگی یادی مەولود لەکۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سەلاحەدین هێمنی کوردستانی بەنیعمەتی خوایی وەسف کردو، پاراستنیشی بە ئەرکی هەمووان زانی.

مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی زانایان لە دەستپێکی قسەکانی پیرۆزبایی مەولودی لەمامۆستایانو قوتابیانی کۆلێژی خوێندنی ئیسلامی کردو، ئەم هەنگاوەشی بە جێگەی شانازی دانا.

بەلای سەرۆکی یەکێتی زانایان یادی مەولود یادی عیلمو خوێندنو خوێندەواریو عیلمو زانیاریو قەلەمە، چونکە ئەوانە پەیامی هاتنی پێغەمبەری خوا بوون.

هەروەها سەرۆکی زانایان پەیامی ئەم کۆلێژەی بە پیرۆز وەسف کرد، کە بەشانازییەوە زۆربەی وتاربێژانی کوردستان بەتایبەتیش هەولێر دەرچووانی ئەم کۆلێژەن، هەروەها ژمارەیەکی زۆری مامۆستایانی وانەی عەرەبی لەقوتابخانەکان بە هەمان شێوە لەوێوە دەرچوونە، بۆیە ئەرکی ئەو قوتابیانە قورسترە بەوەی هەوڵبدەن زانستو ڕەوشت فێری خەڵکی بکەن.

ئینجا سەرۆکی یەکێتی زانایان هاتە سەر ئەو ڕەوشەی ئەمڕۆ لەشاری سلێمانی دروست بووە، ئەو ڕایگەیاند: خۆپیشاندان مافێکی سرووشتی هاووڵاتیانە بەڵام بە هێمنیو شارستانیانە، ئینجا گوتی: ئەم ئەمنو ئاسایشەی کوردستان نیعمەتێکی خواییەو، پێویستە هەموومان پارێزگاری لێبکەینو، بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نەدەین ئەم دۆخەمان لە دەست بچێت.

جیاوازی کارکردنو بۆچوونیش شتێکی ئاساییە، دەکرێ لە ناو خێزانو لایەنی سیاسیو بگرە مامۆستایانو زانایانی ئایینیو هەموو چینو توێژێك هەیە، بەڵام دەبێ جیاوازییەکان بۆ خزمەتکردن بێت، نەك پشێوی نانەوە، پێویستیشە حزبو حکومەت بەوپەڕی سنگفراوانییەوە بە پیر خواستەکانی جەماوەر بچنو، هەوڵ بدەن هەمیشە چاکسازی لەکارەکانیان بکەن.

لقی سلێمانی یەکێتی زانایان داوای هێورکردنەوە دەکەنو، داواشیان وایە حکومەتیش بە پیر خواستەکانی جەماوەر بچێت

(وأطيعوا الله ورسوله ولا تنازعوا فتفشلوا وتذهب ريحكم وأصبروا إن الله مع الصابرين)

جەماوەری ڕەنجدیدەی گەلەکەمان..
کاربەدەستان و لایەنە سیاسیەکان..
ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی..
سڵاوی خواتان لێبێت ...

بیست ساڵ بەر لە ئێستا، ڕژێمێك لەسەر دڵی ئەم خاكو نیشتمانە چۆکی دادابوو، بە هیوا بوو تا دوا دڵۆپی خوێنی ڕۆڵەکانی ئەم گەلەو تا دوا گەردیلەی خێرو بێری ئەم نیشتمانە لەسەر دڵی ئەم خاك و نیشتمانە لانەچێو نەڕوا.

بۆیە لەهەموو لایەکەوە بەهەموو شێوەیەك هاواری داواکردنی مافەکان کراو گوێیان لێ نەگیرا تا دەنگی تۆم ناوێ خۆشم ناوێی ئازادیم دەوێ بڵندبووەوە دەستەکان ڕاوەشێندرانو پەنجەکان وەك نوکی قەڵەم وەك نوکی ڕم دەرکەوتن.

تا ئەمڕۆژانەیان دروستکرد زۆر هاوار کپ کران زۆر خوێن ڕژێنرا زۆر دەستو پەنجە لەو پێناوەدا لەگەڵ گەردنەکان قرتێندران کەواتە ئەم ڕۆژانە گران بەهان و گران بەدەست هاتون.

کە ئەم ڕۆژانە بەدی هاتن پەنجەکانو دەستەکان دەستخۆشیان لێکراو بەرز نرخێندران جا چ ئەو دەستانەی تێکۆشانی چەکداری چ ئەو پەنجانەی قەڵەم بوون چ ئەوانەی کران بەچاوی دوژمندا.

دواتر ئەو دەستو پەنجانە پەرلەمانو حکومەتیان دروستکرد کە دەبوو زۆر شت بکرایەو زۆر شتیش نەکرایە. بەڵام تێپەڕی.

ئێستاش ئەو دەستو پەنجانە ئەو جەماوەرە هاوار دەکەنو دەستەکانیان ڕادەوەشێنن پەنجەکانیان بڵند کردۆتەوە دەڵێن چاکسازیم دەوێ.

دوای هەموو هەوڵەکانمان دەڵێین:

هەردوو سەرکردە با بێنە پێشەوە سەرۆك کۆمارو سەرۆکی هەرێم کارەکان بەرەو ئامانجەکانی جەماوەر بەرن داواکانی جەماوەر بکرێتە پرۆژەو جێبەجێ بکرێو خەمی گەلو وڵات لەهەموو خەمەکان گەورەتر بێو دەڵێین جەماوەری گەل بزانن دەنگی ئێوەش لەبەرامبەر حکومەتو ئەزموونی کوردیدایە.

هەر زیانێ لەم ئەزموونە لەداموودەزگاکانیو داموودەزگای مەدەنی بکەوێ برینێکە لەجستەی ئەم ئەزموونە دەکەوێ زیانە بۆ گەلو نیشتمانو بزانن ئەو کەسانەی لەدەورەت وەستاون ڕۆڵەی ئەم گەلەن براتانن گوڵ بدەن لەیەخەیان دەستتان لەسەر سنگتان دابنێن تا هێور بن.

ئێوەش ڕۆڵەکانی گەل پارێزەرانی سەروماڵو ئاسایشی خەڵك ئاگاتان لێ بێ ئەوانەی بەرامبەرتان هاوار دەکەن براتانن بریندارتان بکەن دەبێ هەر خۆتان خوێنیان پێ بدەن.

گەر شەهیدبن دەبێ وەك ڕێژوانو شێرزادو سورکێو هەموومان بۆیان بگرین.

چاوەکانی مێژوو لەهەموو ڕۆژانێ تیژترە با هەموو کەس لەخەمی گەلو نیشتماندا بێت و هیچی تر.

(وقل أعملوا فسيرى الله عملكم ورسوله والمؤمنون)

قسەی پۆشتەو پەرداخ خەڵك لێی بێزار بووە خوای گەورەش هەردەم نەیویستوە

(يا أيها الذين آمنوا لم تقولون ما لا تفعلون كبر مقتا عند الله أن تقولوا ما لا تفعلون)

ئیمامی عومەر (ڕ-خ) دەفەرموێ: خێر لە ئێوەدا نییە کە نەیڵێنو خێر لە ئێمەشدا نییە کە نەیبیستین.

ئێمە وتمان ماوە ئێوە گوێی لێبگرن.

(فبشر عباد الذين يستمعون القول فيتبعون أحسنة أولئك الذين هداهم الله وأولئك هم أولوا الألباب).

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی
کوردستان
لقی سلێمانی
٢٤ / ٢ / ٢٠١١

یەکێتی زانایان
ئیدانەی تەقەکردن لە زانایانی ئایینی دەکات

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

(الَّذِي أَطْعَمَهُمْ مِنْ جُوعٍ وَآمَنَهُمْ مِنْ خَوْفٍ)

تائێستا لەهەرێمی کوردستان ئاسایشێك بەرقەراربووە، کەهەموان لەژێر سایەیدا هەم بەئارامی ژیاوینو سەروماڵو شەرەفو کەرامەتمان پارێزراو بووە، هەم لەلایەکی تریشەوە مایەی شانازی هەموو لایەکمان بووە، کەلەناوچەکەدا ئەم هەرێمە لە هەموو شوێنەکانی تری عێراقو ناوچەکە زیاتر ئاسایشی تێدا بەرقەرار بووە، بەڵام ئەوە چەند ڕۆژێکە دیاردەی تەقەکردن لەپارێزگای سلێمانی لەچەند مامۆستایەکی ئایینیو خەڵکانی ترو هەڕەشەلێکردنیان ڕویداوە، بێگومان ئەم دیاردەیە زیانی بۆ گەلو نیشتمان و ئەزموونی کورد و دەسەڵاتەکەی هەیە.

بۆیە ئێمە وەك یەکێتی زانایان ئەم دیاردانە بە ناشارستانی لەقەڵەم دەدەینو، ئیدانەی دەکەینو، ڕەتی دەکەینەوە، دڵنیاین ئەم جۆرە دیاردانە خزمەت بەدۆزی گەلو وڵات ناکات، هەر لێرەشەوە ڕایدەگەیەنین ئێمە وەك یەکێتی زانایان وەك ئەرکێکی ئایینیو نیشتیمانی هەموو جۆرە توندو تیژییەك ئیدانە دەکەین، جا لە هەر لایێکەوە بێت چ هەڕەشە کردنە سەر مامۆستایان لەلایەن کەسانێك چ ئەو دەستانەی لەناو خۆپیشاندەران لە هەڵمەجەو شوێنەکانی دیکە هێرشیان کردە سەر مامۆستایان، ئەوانەی گوللە بەماڵی مامۆستایان دەنێنو بەنامەی مۆبایل هەڕەشەیان لێدەگەن، چونکە توندوتیژی لەبری خۆشەویستی ڕقو کینە بەرهەم دەهێنێت. داواشمان لەلایەنە پەیوەندیدارەکانە، کە ڕێگە نەدەن هیچ دەستێك دەرفەتی ئەوە وەربگرێت لەو کاتە ناسکەی کوردستان ترسو دڵەڕاوکێ دروست بکاتو، ئەمنو ئاسایشی کوردستان بشێوێنێت.

مەکتەبی تەنفیزی
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
٢٠١١/٢/٢٨

سەرۆکی یەکێتی زانایان دەستخۆشی لە لقی سلێمانی یەکێتی زانایان دەکات

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١١/٣/٢ بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان، پێشوازی کرد لەژمارەیەك لە مامۆستایانی ئایینی سنووری لقی سلێمانی یەکێتی زانایان.

لەدانیشتنێکدا وێڕای باسکردنی ڕۆڵی زانایانی ئایینی شارەکە لە هەوڵەکانیان بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە، بەڕێز سەرۆکی یەکێتی زانایان دەستخۆشی لە زانایانی سنووری لقی سلێمانی کرد، کە کاریگەریو ئامادەبوونێکی بەرچاویان هەبووە لە گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسیەکانو، هەروەها لە ئامادەکردنی بەیاننامەکانو پێشنیارەکانیان بۆ پەرلەمانی کوردستان، کە ئەمە خۆی پەیامی زانای ئایینییەو، نیشاندانی خەمخۆریو بەهاناوەچوونی زانایان دەسەلمێنی بەرامبەر بە گەلو وڵات.

لەلایەن خۆشیانەوە زانایانی ئاینی سنورەکە، سوپاسی سەرۆکی یەکێتی زانایان کردو، بەڵێنی بەگەڕخستنی هەموو تواناو هەوڵی خۆیان دوپاتکردەوە بۆ هێورکردنەوەی بارگرژییەکان.

بەرپرسی ئەوقافی زاخۆ
سەردانی مەکتەبی تەنفیزی دەکات

ڕۆژی ٢٠١١/٢/٢٣ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی زاخۆ سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کرد.

مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان ڕۆژی چوارشەممە بە گەرمی پێشوازی کرد لەبەڕێز سەمیان عەبدولخالیق بەڕێوەبەری ئەوقافی زاخۆ کردو، لەکۆبوونەوەیەکی هاوبەش کە بەڕێز مامۆستا وەیسی سەعید بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران ئامادەی بوو، سەرۆکی یەکێتی زانایان دەستخۆشی لەبەڕێوەبەری ئەوقافی زاخۆ کرد، کە باشترین هەماهەنگیان لەگەڵ لقی زاخۆی یەکێتی زانایان هەیەو، بێگومان هەر بەم شێوەیەش دەتوانن باشترین خزمەت بە مامۆستایانی ئایینی بکەن.

بەڕێوەبەری ئەوقافی زاخۆ سوپاسی ئەو هەڵوێستەی زانایانی کردو، تەئکیدی کردەوە، کە هەمیشە باشترین پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی زانایان دەبێت.

دکتۆر بەشیر: من نەمگووتووە خۆپیشاندەر خەواریجن، بەڵکو پشتیوانیم لێکردوون

لە لێدوانێکیدا بۆ سایتی زانایان دکتۆر بەشیر خەلیل ئەندامی پەرلەمانی کوردستانو وتاربێژی ئایینی ڕەتی دەکاتەوە ئەو هیچ بێ ڕێزی بەرانبەر خۆپیشاندەران کردبێت.

دکتۆر بەشیر دەڵێت: من لە چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی پشتگیریم لە داواکانی خۆپیشاندەران کردووەو، خۆپیشاندانی بە مافێکی ڕەوا زانیووە.

سەبارەت بە قسەکانی پەرلەمانی کوردستانیش، کە هەندێك لەراگەیاندنەکان بڵاویان کردەوە، کە دکتۆر بەشیر خۆپیشاندەرانی بە خەواریج ناوبردوونە، ئەو ڕەتی کردەوەو

بۆ ل١١

بەیاننامەی یەکێتی زانایان سەبارەت بە پارێزگاری لەئارامیو سەقامگیری کوردستان

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

هاووڵاتییانی بەڕێزو خۆشەویست:

بەداخێکی زۆرەوە لەکاتێکدا هەموو لایەك کار بۆ پێشخستنی زیاتری ئەمنو ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەکەینو، کاردەکرێت بۆ پتر قوڵکردنەوەی گیانی برایەتیو پاراستنی یەکڕیزی خەڵکی کوردستان، کەچی ئەمڕۆ لەشاری سلێمانی گرژیو ناخۆشیەك کەوتە نێو هاووڵاتییانو، لەئەنجامدا کوشتنو برینداربوونی لێکەوتەوە.

بۆیە ئێمە وەك ئەرکێکی ئایینیو نیشتیمانیو کۆمەڵایەتی داوا لە هەموو لایەك دەکەین، هێمنیو ئارامی کوردستان بپارێزنو، بە هیچ شێوەیەك ڕێگە بە هێنانەوەی فیتنەو ئاریشە نەدەنو، کار بۆ ئەوە بکرێت هەموو لایەك پێکەوە خزمەت بە گەلو نیشتیمانەکەمان بکەین.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
٢٠١١/٢/١٧

جێگری سەرۆکی لێژنەی ئەوقاف لە پەرلەمانی عێراق سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان دەکات

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١١/٣/٢ بەڕێز مامۆستا مەلا عوزێر حافز جێگری سەرۆکی لێژنەی ئەوقاف لەپەرلەمانی عێراق، سەردانی بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستانی کردو، بەگەرمیەوە لەلایەن بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانو، ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی پێشوازی لێکرا.

لەدانیشتێکدا کە نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند، باس لە کارو هەماهەنگی نێوان ئەوقافو یەکێتی زانایان کراو، ڕۆڵی یەکێتی زانایان لەم نێوەندەو، بەتایبەتیش لەبارودۆخی ئێستای کوردستان باسی لێوەکرا.

لەلایەن خۆیەوە بەڕێز مامۆستا مەلا عوزێر حافز تەواوی پشتگیری خۆی بۆ خزمەتکردنی زانایانو، هەماهەنگی زیاتر لەگەڵ یەکێتی زانایان دووپاتکردەوە.

وتاربێژانی کوردستان
داوای پاراستنی ئەمنو ئاسایشی کوردستان دەکەن

لەوتاری هەینی ڕۆژی ٢٠١١/٢/٢٥ مزگەوتەکانی کوردستان وتاربێژان داوایان لە هاووڵاتییان کرد، ئەمنو ئاسایشو برایەتی کوردستان بپارێزن، ئەو حاڵەتە لە هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان هەبوو، بەتایبەتیش لەپارێزگاکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆكو سەرجەم قەزاو ناحیەکان.

مامۆستایان داوایان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، بە جددی بە پیر خواستەکانی جەماوەرەوە بچن، بەتایبەتی دوای دەرکردنی ئەو بڕیارانەی لەپەرلەمانی کوردستان دەرکران، بۆ ئەوەی لەلایێکەوە خواستەکانی خۆپیشاندەران لە چاکسازیکردن لەهەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێنو، لەلایەکی دیکەش ژیانی هاووڵاتییان بەرەو ئاسایی بوونەوە بچێت.

هەر لەو بارەوە شێخ نیاز دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان لە لێدوانێکی بۆ پەیام گوتی: دوای چەندین دانیشتنو کۆبوونەوە، سەبارەت بەو وەزعەی لەچەند شارێکی هەرێم هەبوو، مەترسی دەکرا خەڵکانێك ئارامی شاری هەولێریش تێك بدەن، بۆیە لە وتاری هەینی ڕۆژی ٢٠١١/٢/٢٥ وتاربێژانی شاری هەولێر جەختیان لەئارامیو تەبایی کردەوە، وەك هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ئامۆژگاریو ناوەڕۆکی وتارەکەیان بۆ پاراستنی هێمنیو ئاسایشی هەرێمو نەنانەوەی توندو تیژی تەرخان کرد.

بۆیە ئێمە وەکو لقی هەولێری یەکێتی زانایان پڕ بە دڵ سوپاسی یەکەکەی وتاربێژانی شاری هەولێر دەکەینو دەستخۆشیان لێ دەکەین، کە شوێن پەنجەیان دیار بوو لەو تەناهیو ئارامیو هێورکردنەوەیەدا.

دەستەی ژینگەی کوردستان ستایشی ڕۆڵی زانایانی ئایینی دەکات لە ژینگە پارێزی

ڕۆژی ٢٠١١/٢/٢٤ شاندێکی دەستەی ژینگەی کوردستان سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانیان کرد.

شاندەکە پێکهاتبوو لە دکتۆرە ڕێزان سەرۆکی دەستەو کاك زەردەشت بەڕێوەبەری بەشی هۆشیاریو ڕاگەیاندنی دەستە، سەرۆکی دەستە باسی لە ڕۆڵی زانایانی ئایینی کرد، کە هەمیشە لەوتارەکانیان هانی هاووڵاتیان دەدەن بۆ پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان.

مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی زانایان وێڕای بەخێرهێنان پاراستنی ژینگەی بە ئەرکێکی ئایینیو نیشتیمانی داناو، هەموو پشتیوانی خۆی دەربڕی بۆ هاوکاریکردنیان لەپێناو پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان.

دواتر گفتوگۆ لەسەر شێوازی هەماهەنگیو ئەو کارانەی لەداهاتوودا بیکەن کرا، بەتایبەتی بۆ پاراستنی ئاوو پاکڕاگرتنی ژینگەو کەمکردنەوەو نەهێشتنی ڕاوکردن.

جێی باسە هەر یەك لە مەلا جەعفەر گوانی بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانو مەلا دڵشاد گەڵاڵی بەرپرسی چالاکییەکانو ئەندامی پەیوەندییەکان ئامادەی دانیشتنەکە بوون.

ژمارەیەك زانای ئایینی هەولێر ڕەتی دەکەنەوە بەشداری هیچ کۆبوونەوەیەکی تایبەت بەخۆپیشاندانیان کردبێت

تایبەت بە سایتی (زانایان): هەندێك لەراگەیاندنەکان هەواڵی ئەوەیان بڵاوکردەوە، کە (٦٨) مامۆستای ئایینی هەولێر پاش ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی (١٠) کاتژمێری چەندین ڕێنماییو فەتوای تایبەت بە خۆپیشاندانیان دەرکردووە، کە هەر لایەنەو بەپێی بەرژەوەندی خۆی تەفسیری دەکردەوە، هەندێك وایان پیشان دەدا، کە مامۆستایانی ئایینی خەڵکی بۆ خۆپیشاندان هان دەدەن.

دوای ئەوە ژمارەیەك لە مامۆستایانی ئایینی پەیوەندییان بە یەکێتی زانایانەوە کردو، نکۆڵیان لەوە کرد ئەوان نەك (١٠) سەعات کۆنەبوونەتەوە، بەڵکو بەشداری هیچ کۆبوونەوەکیان نەکردووەو، شتی وایان نەگوتووە، کە لە بەیاننامەکە بڵاوکراوەتەوە، چونکە ئەوە دەچێتە قاڵبی فەتواو، ئەوەش تەنها کاری دەزگا ڕەسمییەکانی فەتوایە.

مامۆستا مەلا عیمادەدین مەلا فائیز ئیمامو خەتیبی مزگەوتی شێخی چۆلی لە هەولێر تایبەت بە سایتی (زانایان)ی ڕاگەیاند: ئەوان بەشداری هیچ کۆبوونەوەیەکیان نەکردووە، بەڵکو تەنها تەلەفۆنێك کراوە وەکو پرسیێکردن، کە ڕات چییە لەبارەی ئەو شتانە، ئەویش نەك بڵاوکردنەوەی بەم شێوەو بخرێتە قاڵبی فەتواوە.

مامۆستا مەلا فەرمان خەرابەیی ئیمامو خەتیبی مزگەوتی ماجیداوە لە هەولێر گوتی: تەلەفۆنەکە بۆ ئەوە نەبوو، کە ئەو قاڵبەی بدرێتێ، چونکە قسەی وان تایبەت بە هێورکردنەوەی دۆخی سلێمانی بوو، کەچی گشتگیریان کردووە، بەپێی ئەو بەیاننامە بێت، دەبێ پشتگیری لە هەموو خۆپیشاندانێك بکرێت، تا ئەگەر هی عەرەبە شۆڤینیەکانیش بێت لەدژی کەرکوك، هەروەها ئەو بەیاننامەیە پێچەوانەی ئەو ڕێنماییانەیە، کە لەڕۆژی هەینی بۆ هاوڵاتییانمان خستنەڕوو.

خەرابەیی درێژەی بە قسەکانی داو گوتی: فەتواودان کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە، بەتایبەتی کە باس لەقەزیەیەکی لەم شێوەیە بکات، کە لەناوەڕۆکی بەیاننامەکەدا هاتووە، ئەوە کاری لێژنەی فەتوایە، کاری بەیاننامەیەك نییە، کە لەڕێگەی تەلەفۆن دوو قسە وەرگیرابێتو، دوای دارشتنی بەسەر خاوەنی قسەکان نەخوێندرابێتەوە.

هەروەها هەر یەك لە مامۆستایان (مامۆستا مەلا عەلی خەتێ، لە مزگەوتی ئەحمەد هەرنیو، مامۆستا مەلا سەید عەدنان سەید مەناف، لە مزگەوتی سەید حوسێنو، مامۆستا مەلا یونس پیرداود لە کۆمەڵگای باسرمەو، مامۆستا مەلا ئەمیر زاهیر محەمەد، لە مزگەوتی باداوانی کۆنو، مامۆستا مەلا زانا تەها ئەحمەد، لە مزگەوتی مەلا عەبدولاو، مامۆستا مەلا عبدالوهاب حسين عبدالله، لە مزگەوتی دوو براو، مامۆستا مەلا سیروان کەریم ڕەشید، لە مزگەوتی خدر سوارە)، ڕایانگەیاند: ڕاست نییە کە ١٠ سەعات کۆبووبنەتەوە، چونکە ئەوان بەشداری هیچ کۆبوونەوەکیان نەکردووە، بەڵکو بە تەلەفۆن بووە، ئەوەی لە تەلەفۆنیش بە ئێمە گوتراوە تایبەت بوو بە سلێمانیو، بەمەبەستی هێورکردنەوە، تەنها گووتوومانە: خۆپیشاندانی هێمنانەو داواکردنی داخوازییەکان مافی هاوڵاتیانە، بەڵام نابێ توندو تیژی لێبکەوێتەوەو، هێرش بکرێتە سەر داموو دەزگا حزبیو حکومیەکانو بەردی تێبگیرێت یان تەقە بکرێت، هەروەها پێویستە هێزەکانی پۆلیسیش هەوڵبدەن ئارام بن، بەڵام بەداخەوە بەیاننامەکە تەعمیم کراوەو، چۆتە قاڵبی فەتوایەکی گەورەتر لەوەی گووتراوە، تەئکیدیش دەکەینەوە، ئێمە کە ناومان هاتووە لەکاتێکدا بەشداری هیچ کۆبوونەوەیەکمان نەکردووە، هەر بۆیەش دوای ئەوەی بەیاننامەکەمان خوێندەوە بەڕاستی زۆر نیگەران بووین، چونکە چووەتە قاڵبی فەتواو هاندانو، لەوە چۆتە دەر کە تەنها داوای هێورکردنەوە بێت.

هەندێك لەو مامۆستایانەی سەرەوە ڕایان گەیاند: پەیامی ئێمە هەمان پەیامی یەکێتی زانایانە، کە داوا لە حکومەت دەکەین بە پیر داخوازییەکانی خۆپیشاندەرانەوە بچنو، دۆخەکە هێوربکرێتەوە، تا ژیان لە سلێمانیو دەوروبەری ئاسایی ببێتەوە، داواشمان لە هاوڵاتیان ئەوەیە هێمنی بپارێزنو، دەست بۆ مومتەلەکاتی گشتی نەبەنو، ڕێگە بە خۆیان نەدەن هیچ بارەگایەك بەرد باران بکەنو، یان تەقە بکرێت، داواشمان لە هێزە ئەمنیەکانە گیانی هاوڵاتیان بپارێزن.

هەر یەك لە مامۆستا مەلا زیوەر ئەحمەد ساڵحو مامۆستا مەلا کامەران سەلام ڕەسول لەشارۆچکەی خەلیفان ڕایانگەیاند: ئەوان ئەو هەواڵەیان لەڕێگای هاوڵاتیانەوە زانیوەو، نە بەشداری کۆبوونەوەیان کردووەو، نە بە تەلەفۆنیش هیچ شتیان پێ گوتراوە.

مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی زانایان لە لێدوانێکیدا بۆ سایتی (زانایان) گلەیی لەو مامۆستایانە کرد، کە ئەو بەیاننامەیان دەرکردووە، چونکە ئەمڕۆ لە کوردستان تاکە ڕێکخراوێکی شەرعی نوێنەری زانایان بێت، یەکێتی زانایانە، ئەوانیش لەیەکەم ڕۆژەوە بەتایبەتی مامۆستا بەڕێزەکانی لقی سلێمانی یەکێتی زانایان هەمیشە لە هەوڵو کاری بەردەوام دانەو، سەردانی هەموو حزبو لایەنەکانیان کردووە، شەوخونی زۆریان چەشتووە، هەر بۆ ئەم مەبەستە زیاتر لە پێنج بەیاننامەمان بەناوی مەکتەبی تەنفیزیو لقی سلێمانی دەرکردوونە، کە زۆر لەو بەیاننامەیە ڕوونترو فراوانترن بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانی جەماوەر، دڵنیام ئەگەر بیانخوێددبایەوە قەت ڕێگەیان بە خۆیان نەدەدا ئەو کارە بکەن، چونکە لە یەکەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکانی سلێمانی گووتوومانە پێویستە حکومەتی هەرێم بە زووترین کات بەپیر خواستەکانی جەماوەر بچێتو، جەماوەریش پێویستە لەبەرگی ئاشتیانەو هێمنانەو شارستانیانە بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی هەم بارودۆخی سلێمانیو دەورەبەری هێوربێتەوە، هەمیش خواستەکانی جەماوەر بێنەدی، ئیدی پێویست بەو ناوەڕۆکە نەبوو، کە لە بەیاننامەکە خراوەتە ڕوو، کە بەرژەوەندی هەموو لایەکیشمان لە یەك ڕیزیو یەك هەڵوێستی دایە، ئەوەش بۆ هێنانەدی خواستەکانو نەڕژانی خوێنی کورد بەدەستی کورد باشترین هەڵوێستی ئایینیو نیشتیمانیو کۆمەڵایەتییە. پێویستە هەمووشمان وەك چۆن هەموو لایەنە جیاوازەکان، دەستخۆشی لە مامۆستایانی شاری سلێمانی بکەین، چ ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی، چ بەرپرسو ئەندامانی لقی سلێمانی، مامۆستایانی دیکەش.